به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی پازدەمین ساڵەی تەمەنی ڕامان

ئاوێنەی باڵانوانی چوارده جۆخینی ڕامان

عەزیزی مەلای ڕەش

چاکم لە یاد مـــاوە: ئەو دوو حـــزبە لە گـــێـــژەنی ئاڵـۆزی و گـێـرەشـێـوێـنێکی وادا بوون مـەگـەر هەر خـۆیان بزانن چۆن بووە. ئەوسا جگە لە خۆیان کەسیان بە بنیادەم حسێب نەدەکرد. هەموو کەسی بیرتیژ و زەیندار سەری لێدەر نەدەچوو.. و تاسای نەدەکرد دوو قسەی خێر لەنێوانیاندا بەبا بدات.

بە کەیف و ماشای داگیـرکەری هەر چوار «ئال»ی کوردسـتان ڕمـبـازییـان دەکـرد و لە چەقی شـارە قـەوغـەکـاندا ڕمی ئاڵـیـان داکـوتابوو و لە خـۆیان بەمـلاوە کـەس حـەدی نەبوو بیلەقـێـنێت. لەتی کوردستانیان بەرەو پێنجی دەبرد.

گۆرده و چەوره و خوبزە و چاوەش و گزیر و نۆکەر و دیاردی و جاش و سیخوڕ و دەمگەرم و چاوپان و دەستوپێوەند و ئاخوڕگۆڕ و مێچکەباز و لچ و خزمەتچی و جەندرمە و هەیتە و مەیتەر و ماچە و چەلاو خۆری دەرباری داگیرکەران بیست و چوار سەعات شـایی و گـۆوەند و هەڵپـەڕکـێـیـان بوو.. و هەیدۆ هەیدۆیان دانەڕێیـەک دەڕۆیشت و لیکاوی خـۆشـیـان لە دەمی بسـتـێک داپچڕاویانەوە بازرقەی بەستاو بێ پەردەی شەرم و حەیاوە دەیان نەڕاند: «خـوایە هەر لەو قـایدەی ڕاگـریت و بۆ سـونەتیش هێـور نەبێتەوە».

ئا.. لەم ساتە ناهەموار و پەشـۆکاو و جڕناوفڕنا و کەس بە کەس نەبووەدا ڕۆژێک «زار»ێک وەبەر گوێمی چڕپاند:

«– لەم ڕۆژانەدا گۆڤارێک لە پیرمام دەردەچێت، پێیان خۆشە بابەتیان بۆ بنێریت».

منیش ئەوسا لە ناخەوە پارتیم بە ڕاست لە قـەڵەم دەدا، بۆیە بە هەڵەداوانەوە، تەرحی هەنـار بۆ نەخـۆش ببـەم، بە چیـرۆکـێکی درێژ= «سنوور پاراستن» وەڵامی خـواسـتیـانم داوە. لەو ساکـەوە فێربووم خوایشـتی دڵم بەجێ بهێنم و ئامەشـۆی «پیرمام» بکەم، کەچی نەمدەتوانی بە «ڕەبەن»ی بچم. جەندرمەکانی سەیتەرە، گەنجی دنیا نەدیتە و بیر نەکراوە بوون و.. واشیان حەملاندبوون بەداوا و ناورانەوەی ئامەشۆکەران نێنەڕایێ.

ناچار خـۆم کـردە مـورافـیـقی ڕێزدار «فـوئاد سـەدیق». ئەوسـا شـیـوعی بوو.. و بە تورمبێلی حزب و ئاڵای سووری چەکـوچ و داسدار، بێ پەردەی پرسیار و تەفتیشەوە دەچووە پیرمام. هەموو جارێ لێیان دەپرسی: «ئەوە کێیە؟».

ئەویش بەشێوەیەکی ئاساییەوە دەیگوت «لەگەڵ من دایە»

* * *

هەرکـە ژمـارەی «١» یەکی گـۆڤـارەکـە، بەناوی «تێـڕامـان» دەرچوو.. و بەدەستم گەیشت، گەرچی چاپێکی یەکجار خراپ و پڕ هەڵە بوو، بەڵام ئەوەندەم هەوەست پێـهـات نەبێـتـەوە و لام وابوو تاپۆی ڕەشی «لایین»ی زەوی و زاری کـەندێناوە و قـەراجم لە باخەڵدایە. بە ئەنقـەست سێ ڕۆژان لەنێـو بازاڕ بەدەسـتـمـەوە دەگـرت و هەر نـووسـەرێک چاوی پێـدەکـەوت ڕووی خـۆی بە گرژومۆنەوە وەردەگێڕا. نزیکەی دە دوازدە نووسەر زیاتر دیتیان و لێکڕا، دەتگوت باوە کـوشـتـەیانە، بە دڕدۆنگیـیـەوە سـەیریان دەکرد.

هەرکە دەزگای گۆڤارەکە بۆ شاری هەولێر گوازرایەوە، لەبەر ئەو نووسـەرە لێـبـانلێس و گـوڵەبەرۆژەی باس کـران بەهیچ کلو بابەتێکەوە بەر من نەدەکەوت. وەک مەڕە کەترە دواگر بووم.

ئەوسا بۆم واژی بووەوە زۆربەی نووسەرانمان، لەگەڵ ڕێزم بۆیان لەناو لەپێکی لووس و بێ موو دەگەڕێن و گەرماشیان نەگاتێ.

* * *

لەو ڕۆژەوە ئەو گۆڤارە قەشەنگە ئاوێزانی هەمە تەرز و بابەتی ئەدەبی و زانیـاری و زانسـتی و مێژوو.. و ڕەخنە و فەلسـەفـە و دەیانی تری پێویستی سەردەم بووە و ڕێبازێکی تایبەتی بۆ خۆی بنیـاد ناوە و ئاشنایەتی و دۆسـتـایەتی و ناسـیـارێتی لەنێـوان نووسـەر و قـەڵەم لەدەسـتـانی هەر چوارپارچەی کـوردسـتـان و غەوارەکانی هەندەران تەرخان و بەهێزکردووە.

ئەمەش خۆی لەخۆیدا کارێکی یەکجار پیرۆز و مەزنە و هەتا ئەمڕۆی حازری هیچ پارت و سیاسەت و پیاوی مەزن و تێکۆشەر و دنیا دیتە، بە خەیاڵیش نەیتوانیوە خۆی لە قەرە بدەن.

چوارده سـاڵی ڕەبەق شـەکـەت و مـاندووێتی لە حـەد بەدەری چاپ و چاپەمەنی و نەخشەسازی و.. وێنەی جۆراوجۆر و.. کەم و زۆر کـۆڵی بەکـەسـانی بەرپرس نەداوە و بگرە تەرحی ڕۆن لە بەدەنیـان بدرێت ڕۆژ بەڕۆژ مکوڕ و بەشـەوقـتـر بوونە. ئەمـەش هێمای دڵسـۆزی و ئاودانێتی خزمەت و پێشکەوتنی ڕۆشنبیریی میللەتە.

* * *

من کـتـێـبخانەیەکم هەیە هەشت سـەندووقی دەرکـەداری هەیە. لەسـەرەوەشی سی و دوو شوێنی کـتـێـبی تێـدایە. هەر شـوێنێک درێژی «٤٧» سەنتیمەترە و پانیشی «٣٤» سەنتیمەترە.

گـۆڤـاری ڕامان سێ شوێنی پڕ کـردووەتەوە و بە ئەنقـەسـتـیش لەناوەڕاست و تاقی سەر سەندووقەکانم داناون. هەر کەس سەیری کـتـێـبـخـانەکـە بکات دیمەنی سـەفـتـەکـراوی ژمـارەکـانی ڕامـان سەرنجڕاکێشە. ئەوەندەم هەوەست بە دیمەنەکەیەوە دێت لەزگە بڵێم بە قەدەر گشت کتێبەکانم خۆش دەوێن.

* * *

تەمـــاخـــوازم ئەو گـــۆڤـــارە نایابە هەر وا بەردەوام بێت و تەگـەرەیەکی بە ئاسـتـەمـیش بەری ملی بەرپرس و کـارمـەندانی نەگـرێت و چەندین مـۆمی تریش بەخـۆشی و سـەرفـرازییـەوە داگیرسێنن.